# ئاگاداری!

هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە 213 ، ڕێکەوتی 23-02-2005 لە لاپەڕەی یەکەمیدا، هەواڵێکی جەرگبڕی لەژێر ناونیشانی (( **شوفیرێک لەسەر تۆپەڵێک (بەفر) منداڵێک دەکوژێت، باوکی منالەکە داوا لە بارزانی دەکات بە دەنگیانەوە بچێت** )) بڵاوکردەوە.

بەپێی لێدوانێک لەگەڵ هەفتەنامەی هاوڵاتی لە شاری هەولێر، شەوکەت حەمدی باوکی منداڵەکە باسی کردووە:
(کوڕەکەی لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆی دەکەنە شەڕە بەفر. تۆپەڵە بەفرێک بەر ئۆتۆمۆبیلێک دەکەوێت، شوفێری ئۆتۆمۆبیلەکە دادەبەزێتو گوللەیەک دەنێت بە محەمەد شەوکەتی 11 ساڵە، پاشانیش بەلەقە بەردەبێتە گیانیو دوو ددانیشی دەشکێنێت. منداڵەکە لە ڕێکەوتی 18-02-2005 لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدەدات.)
ئێمە وەک کۆمەڵەی کولتووری‌لیبرال لە ستۆکهۆڵم، خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەین، کە لەبەرانبەر ئەم تاوانە گەورەیە بێدەنگ نەبن، با فشار بخەینە سەر دامودەزگای بەرپرس لە هەرێمی‌کوردستان، بۆ ئەوەی، لە ئاست خزمەتکردنو بەرزکردنەوەی کولتوری شارستانیەتی لە کوردستان، هەست بە بەرسیاری بکەن. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەی یاساو بەختەوەری مرۆڤ بێت. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووداوێک نیە، ئێمە بە هەندی هەڵنەگرین، دیاردەیەکەو ڕۆژگارێکی درێژە بێ لێپرسینەوە دووبارە دەبێتەوە.
پرسەو سەرەخۆشی خۆمان بە کەسو کاری محەمەد شەوکەتی جوانەمەرگ رادەگەیەنینو بەشداری خەمیانین.

کۆمەڵەی کولتووری‌لیبرال
ستۆکهۆڵم – سوید
2005-03-03